


# وەرگێڕانی عەنتیکە

کەریم سۆفی



لەگەڵ ئەوەدا نیم کە کتێبێک، یان ڕۆمانێکی چەند سەد لاپەڕەیی لەبەر دوو- سێ هەڵەی چاپ، یان هەڵەی وەرگێڕان، یەکسەر خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر سەرتاپای وەرگێڕانەکەدا بهێنرێت و ڕەنجی فەرهادانەی وەرگێڕ بەبا بڕوات و وەرگێڕانەکە بە تەواوی ڕەت بکرێتەوە، لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەوەشدا نیم ئەم جۆرە هەڵانە هەروا بە سانایی بەسەر وەرگێڕ و کردەی وەرگێڕاندا بڕوات و لەکاتی چاپکردنەوەی، یان وەرگێڕانێکی تردا وەرگێڕ لە خەمی تێوەگلانی ئەم جۆرە هەڵە کردنانەدا نەبێت و بەکەیف و مایەشای خۆی لێ بخورێت و وەک ئەوەی نەبای دیبێت و نەباران، لەمێژە گوتوویانە «گرنگ نییە هەڵەنەکەین، گرنگ ئەوەیە لەسەر هەڵەکان بەردەوام نەبین».

وەرگێڕ هەرچەندە وردبین بێت و ڕۆشنبیرییەکەی خۆی بەرفراوانتر بکات لەو بوارانەی کاری وەرگێڕانیان لەسەر ئەنجام دەدات هەر کەمە، ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ وەرگێڕاندایە، دەبێ بەردەوام لە خەمی خۆ فێرکردندا بن و لەهیچ شتێک نەپەنگێنەوە کە سوود بە خۆیان و بەکارەکەیان دەگەیەنێت بۆ گەیشتن بە کاکڵەی مەبەست و پێکانی ئامانجەکەیان.

زۆرجاران لەناو نووسینە وەرگێڕدراوەکاندا، ڕستە و وشە و دەستەواژەی زۆر سەیروسەمەرە دەبینین کە پیاو تووشی شۆک دەکات و تەنیا بۆ نوکتە و پێکەنین دەست دەدات، بەڵام من لەناخەوە خەمیان لێ دەخۆم و ئاخ بۆ زمانەکەمان و خەمساردی ئەم جۆرە وەرگێڕانانە هەڵدەکێشم.

ئەگەر بمانەوێت نموونەی ئەم جۆرە وەرگێڕدراوە سەیروسەمەرە و عەنتیکانە کۆ بکەینەوە، ڕەنگە سەدان لاپەڕەی پێ پڕ بکرێتەوە، لێرەدا هەر بۆ نموونە چەند ڕستەیەک دەخەینە بەرچاو کە سەرچاوەکانیان لەلام پارێزراون، چونکە ئەوەندەی خستنەڕووی حاڵەتەکانم مەبەستە، ئەوەندە ناوی وەرگێڕ و وەرگێڕانەکانم مەبەست نییە و باسیش لە خەمی وەرگێڕانە، بۆیە وا باشە وەرگێڕەکانیشمان لە خەمی ئەو جۆرە وەرگێڕانانەدابن و وەرگێڕان بەکار و پرۆژەیەکی ستراتیژی نەتەوەیی بزانن کە خزمەت بە زمان و نەتەوە و نەوەکان دەکات. نەک هەر کەڵەکە کردنی بەرهەمی بەسەقەت وەرگێڕدراو و بەس.

ئەمەش چەند نموونەیەکن:

(١) «چونکە زایونیزم نۆرەیەکی ئەوتۆی لە ژیانی نووسەردا نەگێڕاوە»

– دیارە وشەی (نۆرە) بەرانبەر بە وشەی (دور)ی عەرەبی وەرگێڕدراوە کە زۆرجاران (ڕۆڵ)ی ئینگلیزی بۆ بەکاردێت. کەچی (نۆرە) زیاتر بە (سەرەگرتن و ڕیزبەستن) دێت.

(٢) هیچ کەس نازانێت ژمارەی ئەو سیاپێستانەی لە ئەفریقاوە گوازراونەتەوە بۆ ئەمەریکا و ئەوروپا و کراونەتە کۆیلە، چەندن؟ هەندێک ژمارەیان بە پەنجا ملیۆن و هەندێک ژمارەیان بەسەد ملیۆن کۆیلە دەقرسێنێت.» بۆ ڕەش پێست، وشەی (سیا)ی فارسی بەکارهێنراوە کە لە جێی خۆی نییە، هەروەها (دەقرسێنێت) قرساندن بۆ نرخە، مەزندە کردن بۆ ڕێژە و ژمارەیە. بۆیە دروستتر بوو بنووسرێت (... بەسەد ملیۆن کۆیلە مەزندە دەکەن.)

(٣) «هەولێر لە خولە مێژووەکانی»

ئەمە گوایە وەرگێڕانی ناوی کتێبی (اربيل في ادوارها التأريخية)ی زوبێر بیلالە. دیارە کە (خول- دورة)یە و کۆیەکەی دەبێتە (دورات). کەچی ئەوەی ئێرە (ادوارها)یە کە کۆی وشەی (دور)ە، واتە چاخ و سەردەم و ڕۆژگار...تاد مامۆستا کەریم شارەزا لە نووسینێکدا ناوی ئەم کتێبەی سەرەوەی بەم جۆرە کردووە بە کوردی (هەولێر لە چاخە مێژووییەکانیدا) کە ئەمەیان دروستە و لە جێی خۆیەتی.

(٤) «کاتێک ڤۆڵتێر شەست و پێنج ساڵی هەبوو»

گوایە وەرگێڕانی ئەم ڕستە فارسییەیە «کەولتر شست و پنج سال داشت». وشەی «داشت» ڕاستە بەواتای (هەبوو، یان هەیبوو) دێت، بەڵام لێرەدا ماناکەی بەم جۆرە دەبێت [کە ڤۆڵتێر لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا بوو)، یان (کە ڤۆڵتێر تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو).

(٥) «هەرچەند سەرەتا ژمارە نووسەرێک دەیانگوت»

ئەمەش وەرگێڕانی ئەم ڕستە فارسییەیە (گرچه از اول عدەای از نویسندگان میگفتند) بۆ (عدەای از نویسندگان)، چەند نووسەرێک دروستترە لە ژمارە نووسەرێک.

(٦) «یاوەکو هەندێ بەندییان شەو و ڕۆژم بەدووان بۆ ژمێریار بکرایە» ژمێریار واتە (محاسب) هەر بیوتایە (حسێب بکرایە) زۆر باشتر بوو.

(٧) «تاوەکو لەسەر پشتی کەشتییەک کاربکات»

گوایە وەرگێڕانی ڕستەی (لكي يعمل على ظهر سفينة)

(٨) وەرگێڕێک بۆ «اهل الذمة» نووسیویەتی (خاوەنی سەرزەنشت)!!

(٩) «ئەلیۆت دەڵێ: شیعر بریکاری فەلسەفە و ئایین نییە»

گوایە وشەی (بریکار) بۆ (بديل)ی عەرەبی بەکارهاتووە!

(١٠) «باشە چوویتە سەر پۆل»

گوایە ئەمە وەرگێڕانی ئەم ڕستە فارسییەیە (خوب سرکلاس رفتی)

ئەگەر پێدابچم زۆر درێژە دەکێشێت، ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە، بۆیە ئەوەندە دەڵێم کە نووسین بەگشتی، بە وەرگێڕانەوەش بەرپرسیارەییەتێکی مێژووییە و دەبێت زانستییانە و ژیرانە و بە وردی ئیشی لەسەر بکرێت، چونکە لە هەموو ئانوساتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە وەکو سەرچاوە سەیر بکرێت و سوودی لێ وەربگیرێت.